وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەڵاحەددین/هەولێر
کۆلێژی پەروەردە/مەخموور
بەشی زمانی کوردی

# ئـــــەدەبـــی فـــۆلــکــلـــۆر

## وەرزی یەکەم

## ساڵی خوێندنی 2021/2020

مامۆستایانی بابەت:

**فەرهاد عەزیز   کارزان محسن قادر**

# پەندی پێشینان و قسەی نەستەق

بە بەراورد بە بە ئەفسانە و داستان و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی بەشێکی زێتریان کۆکراونەتەوە و نووسراونەتەوە. کۆنترین بەرهەمیش بۆ ئەم مەبەستە بریتییە لە کتێبەکەی (ئیسماعیل حەقی شاوەیس)، کە لە ساڵی ۱۹۳۲دا بە ناونیشانی (قسەی پێشینان) کۆیکردونەتەوە لە چوارچێوەی نزیکەی ۶۰۳ پەندی پێشینان خستوونیەتە ڕوو، پەندەکانیش بە پێی ناوەڕۆک و بابەتەکانیان ڕیزکراون، وەک پەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، شۆخی و گاڵتەجاری...هتد. لەدوای ئەمەش هەوڵەکەی (مەعرووف جیاوک) بەرز دەنرخێنرێت، کە لە ساڵی ۱۹۳۸دا بەرهەمێک چاپدەکات بە ناونیشانی ( هەزار بێژ و پەند).

له چوارچێوەی ئەم کتێبەدا پەند و قسە نەستەقەکان بە پێی ئەلف و بێ ڕیزکراون و نووسراونەتەوە. لە پاڵ ئەم دوو بەرهەمەدا (شێخ محەممەدی خاڵ) لە ساڵی ١٩٥٧دا کتێبێکی فراوان و کۆک و هەمەڕەنگ و ڕازاوەتر بڵاودەکاتەوە بە ناونیشانی (پەندی پێشینان)، کە پەندەکانیش بە پێی ئەلف و بێ ڕیزکراون و نووسراونەتەوە. بە دیالێکتی کرمانجی سەرووش کتێبەکەی جگەر خوێنی شاعیرە بە (گوتنا پێشینا)، کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە سووریادا چاپ و بڵاوکرایتەوە. لە پاڵ ئەم کتێبەش بەرهەمەکەی (جمیل کنە)یە، کە پەندە کوردییەکانی بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە بە ناونیشانی (امثال کردیە) لە ساڵی ١٩٥٧دا لە شاری حەلەب چاپ و بڵاوکردۆتەوە. هەوڵەکان لە بارەی پەندی پێشیان و قسەی نەستەقی کوردی ەردەوامیان دەبێت، بە دیاریکراوی زانا و بیرمەند و ئەدیب و فۆلکلۆرناسانی کوردی سۆڤیەت گەلێک بە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقەوە خەریکبوون:

لەوانە دکتۆر حاجی جوندی، جاسمی جەلیل کە بە جیا بەرهەمی چاپ و بڵاوکردۆتەوە. ئینجا دکتۆر قەناتی کوردۆ، دکتۆر مارگرێت ڕۆدینکۆ کۆمەڵێک پەندی پێشینانی کوردییان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ڕووسی. پەندی پێشیان بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک، ئەم پەندانە لەلای گەلانی سەرەتایی و سادە دەربڕینی دانابیە (فەلسەفە)یە، بە زمانێکی سادە و ساکار، ڕاستییەک پیشاندەدات و ڕوونیدەکاتەوە، ڕووداوەکانی ژیانی ئادەمیزاد دەگێڕێتەوە لە سەردەمی زۆر زوودا بە شێوازێکی داناییانە، کار و کردەوە و کردار و هەڵسوکەوت و مامەڵەی مرۆڤەکان پیشاندەدات لەگەڵ یەکتر، ئەو ئەنجامانە دەستنیشاندەکات کە مرۆڤەکان لە کۆندا پیگەیشتوون، ئەزموون و تاقیکردنەوەی مرۆڤی دنیادیدە و لێزان و تەمەندارەکانە، وانەی مەشق و فێرکارییە بۆ گەنجان و نەوەی نوێ.

پەندی پێشینان و قسەی نەستەق تا ڕادەیەک لە یەکترەوە نزیکن، بەڵام هیچیان ناتوانن جێگەی یەکتر بگرنەوە. بۆیە دەڵێین: قسەی نەستەق درەنگتر مەبەست بە دەستەوە دەدات، واتاکەی زۆر ڕوون و ڕۆشن نییە، ئەوەی لە قسەی نەستەق دەگات دەبێت ئاستی ڕۆشنبیریی و هۆشیاریی باش بێت. لە ڕووی قەبارەی گووتن و نووسین و دەربڕین و ڕستەوە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق بە کورتی و چڕییان دەناسرێنەوە، لە هەمانکاندا واتایەکی قووڵ و بەرفراوان لە خۆیان دەگرن، لە پاڵ ئەمانەشدا دەبێتە مایەی سەرەنج و تێڕامانی وەرگر(گوێگر و خوێنەر)، پێیان سەرسام دەبێت.

قسەی نەستەق(ئەفۆریزم): بریتییە لە ئاخاوتنێکی چڕی مانادار کە دەدرێتە پاڵ کەسێک، نووسەرێک یان مرۆڤێکی ناودار. شێوەی پەندی هەیە، بەڵام وەکو ئەویش نییە. نووسەر یان هەر مرۆڤێک لە ڕێگای قسەی نەستەق تەواوی بیری خۆی لە ڕستەیەک کۆ دەکاتەوە بە چەشنێک وەک ئاوێنە ئەو بیرەی هەڵیگرتووە تێیدا ڕەنگبداتەوە. فەیلەسوفێکی وەك نیچە بە قسەی نەستەقەوە (ئەفۆریزم) لە سەرەتای نەخۆشییەکانی دەڵێ: (بە دوای فەردە قورسەکانی خۆم دەگەڕام، ئەوە بوو خۆمم دۆزییەوە). خاسییەتی قووڵی قسەی نەستەق ئەوەیە مرۆڤ لە ڕێگای ئەمەوە تێبینیی بیر و بیرکردنەوەی خۆی دەکات. هەرچی (پەند= حیکمەت= Maxime)ـــە جیاوازییەکەی لەگەڵ قسەی نەستەق دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە گشتییەکەی و تێبینی یەکێک بۆ بیر و بیرکردنەوەی یەکێکی دیکە. بە کورتی قسەی نەستەق پەندێکە یان چڕکردنەوەیەکی مانادارە مرۆڤ بە تێبینی ناوەوەی خۆی دەری دەبڕێ. هەرچی پەند یان حیکمەتە زیاتر تێبینییە بۆ دەرەوە، بۆ سەر ئەوانی دیکە. یەکێکی دیکە لە جیاوازیی و خاسییەتەکانی نێوان پەندی پێشینان و قسەی نەستەقە، ئەوەیە یەکەمیان گەڕان و بە دواداچوونی ڕاستی تێدایە، بەڵام قسەی نەستەق بە قەد نیوەی ئەمە توانای هەیە، یان لە ڕاستیی نزیک دەبێتەوە.

پەندی پێشینان، لە چوارچێوەی ئەدەبی فۆلکلۆریدا بابەت و بەش و جۆرێکی تایبەتە، چونکە لەگەڵ خۆیدا بەشێکی تری فۆلکلۆر دێنێتەکایەوە کە ئەویش حیکایەت و یان کورتە حیکایەتێکە، ئەمەش بەو واتایەی کە هەموو پەندێک سەرەتا و لە پێشینەیەکی لە ڕووداو و بەسەرهات هەیە، لە ئەنجامی ئەمەدا مرۆڤێکی دنیادیدە و ژیر ئەو قسەیەی کردوووە بۆتە پەندێک و بڵاوبۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گەڕان و دۆزینەوەی حیکایەت و کورتە حیکایەتی پشت ئەو پەندانەی، کە پەندەکەی لێبەرهەمهاتووە، ئەرکێکی قورس و گرانە. پەندی پێشینان ڕەوشت و خوو و داب و نەریت و سروشت و ژیری و دیمەنی ژیانی گەل دەخاتە بەرچاو، هەر لەبەر ئەمەشە کەوا لە لای زۆر لە میللەتان پەندی هاوبەش هەیە. ئەگەر بە وردی لێیبکۆڵینەوە دەبینین بەشێکی زۆر لە پەندەکانی گەلانی ڕۆژهەڵات هاوبەشن و لە یەکتر دەچن.

ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا ژیانی ئەو میللەت و گەلانە لە زۆر دیمەندا لە یەک دەچێت و لە ڕووی گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە یەکتر دەچن. یان هەندێک لەو پەند و قسە نەستەقانە بە هۆی وەرگێڕانەوە لە نێو نەتەوەیەکەوە گواستراوەتەوە بۆ نەتەوەیەکی تر لە ئاخاوتن و نووسیندا ڕەنگیداوەتەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی ئەوەیە دەبینین چەندان لەم پەند و قسانە لە دیالێکتە جیاجیاکانی کوردی ڕەنگیانداوەتەوە و هەر دیالێکتێک بە شێوازەکەی خۆیەوە دەریبڕیووە. واتا دیالێکت و جوگرافیا و شوێن و کەس و نەوە جیاجیاکان شوێنەواریان بەسەر پەندی پێشینان و قسەی نەستەقەوە دیارە.

له لایەکی ترەوە گرنگی و بایەخی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لەوە دایە کە لە زۆر ڕووەوە زمانی کوردییان دەوڵەمەند و جوان و تەڕ و پەتی و پاراو کردووە. بوونەتە مایەی داهێنان و سازاندن و دروستکردنی چەندان وشە و زاراوە و دەربڕین و واتا، لە هەمانکاتدا پەندی پێشیان و قسەی نەستەق داکۆکی و بەرگرییان لە مانەوە و زیندوو ڕاگرتنی زمانی نەتەوەیی کردووە. لە پاڵ ئەمانەشدا پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی ئەدەبی فولکلۆری کوردیمان گەرموگوڕی و جۆش و خرۆشی بە مرۆڤی کورد بەخشیووە، بوونەتە بزوێنەری هەست و نەستیان.

١- «دەستێک نەتوانم بیبڕم ماچ ئەکەم» مەبەست ئەوەیە پیاو نابێت هەموو جار کەللـــە ڕەقی بنوێنێت.
٢- «بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەر» واتە پیاو بە زمانی شیرین دەتوانێت بەسەر هەموو کۆسپێکدا زاڵ بێت.
٣- «بانێکە و دوو هەوا!؟» ئەمە لە سەرسامییەوە لە شوێنێکدا دەووترێت کە جیایی لە نێوانیاندا نەبێت، کە چی جیاش بکرێنەوە. سەرچاوەی ئەم پەندە ئەوەیە کە ژنێک کوڕێک و کچێکی بووە، ژنی بۆ کوڕەکەی هێناوە و کچەکەشی داوە بە شوو. شەوێکی هاوین هەموویان لەسەر تاقە بانێک نووستوون، لە نیوەشەوا هەستاوە چووەتە سەر جێگەی کچ و زاواکەی لێفەکەی داوەتەوە بە سەریاندا و داپۆشیوون و وتوویەتی: ڕۆڵە ساردە سەرماتان دەبێت. ئینجا چووەتە ئەولاوە بۆ سەر جێگەی بووک و کوڕەکەی، سەیری کردووە پێکەوە نووستاون، لێکیانی کردووەتەوە و لێفەکەی لەسەر لاداون و وتوویەتی: ڕۆڵە گەرمە لە گەرماندا دەپیشێن، ئەمە چییە وا خۆتان نووساندووە پێکەوە؟! بووکەکەی ئاگای لە هەر دوو کارەساتەکە بووە و وتوویە: هەی... هەی... «بانێکە و دوو هەوا»!
٤- «کوتەک دەزانێت قۆناغ لە کوێیە» مەبەست ئەوەیە ئیشێکی کردووە هەر چەند بە خۆشە لەگەڵی خەریک دەبن ڕاستی ناڵێت، لە پاشاندا دەستدەکەن بە لێدانی و ئەو وەختە بە ناچاری دەریدەبڕێت.

٥- «كە زۆر بوو قەواڵە بەتاڵە» قەواڵە کاغەزێکە کە تیایدا دەنووسرێت ئەو مڵکە یا ئەو زەوییە هی فلان کەسە، کە ئەمەی هەڵگرت ئەو مڵکە بە هی ئەو دەناسرێت. مەبەست ئەوەیە زۆر لەسەر هەموو شتێکەوەیە، کە زۆر بوو قەواڵە و شتە هیچ ناکا.
٦- «بۆ ڕیش چوو، سمێڵیشی نایە سەری» مەبەست ئەوەیە یەکێک دەست بۆ ئیشێک دەبات کە چی لەباتی ئەوە قازانجی تێدا بکات، زیانی تێدا دەکات.
٧- «زۆرەملێ مل شکانی لەدوایە» مەبەست ئەوەیە پیاو دەبێت ئیش بە پشوو و هێمنی بکات.
٨- «گیا ئەوەیە بە دەمی بزن خۆش بێت» مەبەست ئەوەیە بە هەموو ئیشێک نالێن چاک.
٩- «شوێنی شێرە و ڕێوی گێرەی تێدا دەەکا» ئەمە بەداخەوە لە شوێنێکدا دەووترێت کە لە پێشدا پیاوێك بەکار خەریکی ئیشێک بوو بێت و ئێستا ئەو نەما بێت و یەکێکی بێکارە دەست بدا بەو ئیشەوە.
١٠- «دار بە پوازی خۆی نەبێ ناقڵیشێت» مەبەست ئەوەیە ئەگەر قەومێک خۆیان بنچینەی یەک دەرنەهێنن کەس پێیان ناوێرێت.
١١- «گیا لەسەر بنجی خۆی دەڕوێتەوە» مەبەست ئەوەیە هەموو شت دەچێتەوە سەر ڕەگەزی خۆی.

١٢- «قەدری مانگ نییە تا نەگاتە شەو» واتە: پیاوی زانا وەختێك دەردەكەوێت كە لە شوێنێک بێت نرخی زانینەکەی بزانرێت.
١٣- «چی بچێنیت ئەوە دەدرویتەوە» واتە: لە  کردەوەی چاک چاکەت دەست دەکەوێت و لە هی خراپ خراپەیە.
١٤- «نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب» واتە: دەبێ هەر کەس بە ئیشی خۆیەوە خەریک بێت، ئەگەر یەکێک دەستی دایە ئیشێک کەشارەزایی تێدا نەبوو لە کەڵکی دەخات و ئیش تێک ئەچێت.
١٥- «کە شیرت وەشاند دەبێ قەڵغانت پێ بێت» مەبەست ئەوەیە پیاو نابێت هەروا بزانێت کە دەست دەوەشێنێت، دەبێت ئاگای لەوەش بێت کە دەستیشی لێئەوەشێنن، جا دەبێت بە ئامادەیی بچێتە مەیدانی ئیشەوە نەوەک لە نیوەی ڕێگەدا پەکی بکەوێت.
١٦- «سوار هەتا نەگلێت نابێت بە سوار» مەبەست ئەوەیە پیاو بیەوێت بگات بە شتێک دەبێت تەنگوچەڵەمەشی بێتە ڕێ.
١٧- «شەڕ لە شێف و ئاشتی لە خەرمان» (شێف: وەرد) واتە: ئیش دەبێت لە سەرەتاوە یەکلاییبکرێتەوە.
١٨- «چەم بێ چەقەڵ نابێت» مەبەست ئەوەیە هەر قەومێك تۆ بیگری خراپی هەر تێدایە.
١٩- «چەپڵە بە دەستێک لێ نادرێت» مەبەست ئەوەیە یارمەتی لە نێوانمان نەبێ ئیش ناچێتە سەر.
٢٠- «ئاسنی سارد بە فوو گەرم نابێت» مەبەست ئەوەیە هەر ئیشێك کە دەستی درایە دەبێت پیاو خۆی بۆ ئامادە بکات و چی بۆ ئەو ئیشە پێویستە بیکات.

٢١- «کێوێک دەڕووخێت کەندەڵانێک پڕ دەبێتەوە» ئەمە بە ئاخەوە دەووترێت. مەبەست ئەوەیە یەکێکی گەورە لەناو دەچێت بۆ ئەوە یەکێکی هیچ و پووچ سەر هەڵدەدات.
٢٢- «هەر دەوەنە و دەبێت بە دار» مەبەست ئەوەیە پیاو نابێت دوژمنی بچووک بە هیچ بزانێت.
٢٣- «لە حیزی جووتیارە گا کاوێژ دەکات» مەبەست ئەوەیە ئەگەر سەرداری ئیش سەردار بێ، دەست و پەیوەند ناتوانن خراپە بکەن.
٢٤- «بۆیە پێت دەڵێم کاکە چۆلەکەم بۆ بگریت» مەبەست ئەوەیە وەختێك دەتوانیت مرۆڤ بخەیتە ژێر بار و بیانکەیت بە دۆست و ئاشنای خۆت کە چاکەت بۆیان ببێت.
٢٥- «ساڵ بە ساڵ خۆزگە بە پار» مەبەست ئەوەیە ئیش هەتا دەڕوات بە لای خراپەوە دەڕوات.
٢٦- «قسە کەوتە زارێك ئەوێتە شارێك» مەبەست ئەوەیە کە پیاو نابێت نهێنی دەرببڕێت.
٢٧- «سوار ئەسپی خەڵک بیت هەر پیادەیت» مەبەست ئەوەیە پیاو نابێت چاوی لە ماڵی کەسێکی تر بێت.
٢٨- «بەرخ هەر لە ناو کۆزدا نامێنێ» مەبەست ئەوەیە پیاو پابەندی گۆڕانکارییەکانە.
٢٩- «قەل بە قەلی دەوت ڕوو ڕەش» مەبەست ئەوەیە پیاو دەبێت لەپێشدا تەماشای خراپەی خۆی بکا ئینجا هی یەکێکی تر.
٣٠- «ئەوی لە مشک بێ جەواڵ دەدڕێت» مەبەست ئەوەیە وەچەی خراپ هەر دەکێشێتەوە سەر خراپە.